حکومەتی عێراق 70 ملیار دینار بۆ بەڵێنەوەچوونی هەڵبژاردنی هەرێم تەرخان کرد

ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق لە کۆبوونەوەی ئەمڕۆیدا، بڕیاری دا بە خەرجکردنی زیاتر لە 70 ملیار دینار بۆ بەڵێنەوەچوونی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و رووبەڕووبوونەوەی وشکسالی و لافاو لە هەرێم.

ئەمڕۆ سەشەمە، ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق بە سەرۆکایەتی محەمەد شیاع سودانی کۆبوونەوە و تێیدا بڕیاری دا بە تەرخانکردنی بڕی 43 ملیار و 769 ملیۆن و 149 هەزار دینار لە چوارچێوەی بودجەی کەمسیۆن، دەسەڵاتی خەرجکردنی پارەکەشی دایە کەمسیۆنی هەڵبژاردنەکان.

ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق هەروەها بڕیار دا بە گواستنەوەی بڕی 25 ملیار و 460 ملیۆن و 851 هەزار دینار لە بودجەی فریاگوزاری هەرێم بە سەر هەژماری بودجەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان..

ئەنجومەنی وەزیران دەسەڵاتیشیدایە کەمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، تا ئەو پارەیە بە مەبەستی ئامادەکاری بە هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان خەرج بکات، کە بڕیارە 25ی شوباتی داهاتوو بەڕێوەبچێت.

ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق، هەروەها زیاتر لە پێنج ملیار و 562 ملیۆن دیناریشی بە رووبەڕووبوونەوەی لافاو لە هەرێمی کوردستان تەرخان کرد.